**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٥**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٧) لە ٢٣/ ٦/٢٠١٥ بڕیارماندا بەدەرکردنی:**

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥**

**یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی (١):**

**تاقانەی جینۆساید: ئەو کەسەیە لەکاتی ڕوودانی تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردستان، پاش شەهید کردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی، بەتەنها رزگاری بوبێت.**

**ماددەی (٢):**

**یەکەم: تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی کچ و کوڕی شەهیدی جینۆسایدی دەبێت، کە لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو دەقنووس کراون.**

**دووەم: لەکاتی کۆچی دوایی تاقانەی جینۆسایددا، بە شەهیدی جینۆساید ئەژمار دەکرێت و سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید کە لە یاسای ئاماژە بۆ کراوی خاڵی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، بۆ وارسەکانی دەستەبەر دەکرێت.**

**سێیەم: وەکو رێزلێنان ، ناسنامەیەکی تایبەت بۆ تاقانەی جینۆساید دروست دەکرێت و مەدالیایەکی تایبەتی پێ دەبەخشرێت.**

**چوارەم: چاودێری کردنی باری دەروونی تاقانەکانی جینۆساید و، چارەسەر کردنیان لە رێگەی کردنەوەی سەنتەری تایبەت دەستەبەر دەکرێت.**

**ماددەی ( ٣ ):**

ئەو تاقانانەی جینۆساید کە کارمەندی هێزە چەکدارەکانن ، لەکاتی شەڕدا نابێت بنێردرێنە بەرەکانی شەڕ .

**ماددەی ( ٤ ):**

پشت ڕاستکردنەوەی تاقانەی جینۆساید لەرێی لیژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك ، دەبێت.

**ماددەی ( ٥ ):**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی ( ٦ ):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ( ٧ ):**

کار بە هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی ( ٨ ):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٣/ ٧ /٢٠١٥

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

تاقانەکانی جینۆسایدی کوردستان بەشێکی گرنگن لە ناسنامەی قوربانیدانی گەلی کوردستان و، بە مەبەستی رێزلێنانی زیاتر و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان ، ئەم یاساییە دانرا.